# ساردی خۆشەویستیت

شیعری // سەباح عەلی جاف -کەلار

پێشکەشە بە :

ئەو کەسەی کە لە ساردیدا گەرمتر دەردەکەوێت

گوناهی من چی بوو لە وەرزی
زستاندا خۆشم ویستی ,
نەمزانی خۆشەویستی کردن لەم
وەرزەدا ساردە , سارد وەك
تۆی گەرم؟
گەرمی دریژگەی پڕ لە ئەڤینت
وای لێکردم کە هەر لە زستاندا
خۆشم بوێیت و نە کەوێتە وەرزێکی تر..
بڕوابکە..
ساردی خۆشەویستیت گەرمم دەکاتەوە
گەرمیەك وەك گەرمی ئاڵی گۆنات
گەرمیەك وەك گەرمی تاڵی زوڵفت
گەرمیەك وەك گەرمی تەنها یەك نیگات..
ساردی خۆشەویستیت چەند ساردتر بێت
هێندە گەرمتر خۆشم دەوێیت
هێندە قوڵتر بە ناخی ڕەوەزی
عشقمدا خوار تر دەچیت؟..
تۆ دەزانی ساردی لە زۆر شتدا
خۆشە بەڵام

له ماچ و عشق و خواناسی و تۆدا نا ..
یەکجار
که سەیری گەرمی نیگاو ناخ و لێوت دەکەم
گەرمتر له ساردیەکەی تۆ خۆشم دەوێیت
کچه پەمەیه..
دڵنیام هەر ڕۆژێك دێت
ساردی گەرمت دەکاتەوە و
به مەیلێکی پڕ له گڕ تر
ساردی ئەو نوکانه
گەرمتر دەکەیتەوە
که زۆر به ساردی و هەڵە
له مۆبایلەکەتەوە دەردەچێت..
دڵنیام چۆن به ساردی
خۆشمت دەوێت
ئاوەهایش به گەرمی
ئاوێزانی ئایەته پیرۆزەکانی
عشق دەبیت؟..
دڵنیام ..دڵنیا
هەر ڕۆژێك دێت
گەرمتر له ساردی ئێستا
خۆشمت بووبێیت.

2005/12/25